# عەشق

هۆشەنگ شێخ محەمەد



چیم لە تۆ خوشتر بوێ
ئاوازی تەمبوورێکی قەرەجان
یا کێلگە گەنمەکانی بەر خۆرنشین؟
وەرە ..
لەپشت خەڵوەتگەکانی بوون
لە باخچەکانی یاخیبووندا
لە روخ رووبارەکانی
پشت شەرگەکان..
بخورە وەنەوشەییەکانی مناڵی
بۆ موناجاتە خوێنگەرمەکانی هەرزەیی
داگیرسێنین




چەند خۆشە بێمەبەست هاوڕێ بین ؟!
بێمەبەست یەکتریمان خۆش بوێ!
وەك ئەو شیعرە رەهایەی
لە پیاسە بێمەبەستەکانی وشە گەرۆکەکان
لە دایکدەبێ

1996/7/9 دهۆك